# ئەوانەی ئەم وێنانە دروستدەکەن سزا دەدرێن لە ڕۆژی قیامەتدا؛ پێیان دەووترێت: ئەوانەی دروستتانکرد زیندوویان بکەنەوە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوانەی ئەم وێنانە دروستدەکەن سزا دەدرێن لە ڕۆژی قیامەتدا؛ پێیان دەووترێت: ئەوانەی دروستتانکرد زیندوویان بکەنەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەوانەی وێنە دروستدەکەن -جا ئەگەر وێنەی پەیکەر بێت یان وێنەی سەر کاغەز بێت یان وێنەی فۆتۆگرافی* بێت- لەوانەی ڕۆحیان لەبەردایە وەکو وێنەی مرۆڤەکان وئاژەڵەکان، ئەگەر وێنەکە ڕێزلێگیراو بێت یان ڕێزلێنەگیراو بێت، ئەمانە سزا دەدرێن بەهۆی ئەم کردەوەیانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ چونکە ئەم وێنە دروستکردنانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم وێنانەی دروستی دەکەن دەیچوێنن بەو وێنانەی کە خودا دروست وخەڵقی دەکات، وپێیان دەووترێت: (ئەوانەی دروستتانکرد زیندوویان بکەنەوە): واتا ڕۆح بکەن بە بەری ئەو وێنانەی کە لە دونیادا دروستانکرد بۆ ئەوەی ڕکابەراتی خودا بکەن -سبحانە وتعالى- لە دروستکردنیاندا، بەهۆی ئەم کارەتان لە دروستکردنی وێنە وشێوەی ڕۆح لەبەرەکان بۆیە ڕۆح بکەن بە بەریاندا، وئەمیش لە ڕوانگەی گاڵتەکردن پێیان وتوانج گرتن لێیان وهەڕەشە لێکردنیان. ولە فەرموودەیەکی دیکە کە لە (البخاري) و(مسلم)دا هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من صوَّر صورة في الدنيا كُلِّف أن ينفخ فيها الروح يوم القيامة، وليس بنافخ) واتە: (هەرکەسێک وێنەیەک بکێشێت لە دونیادا، فەرمانی پێدەکرێت کە ڕۆح بکات بە بەریدا لە ڕۆژی قیامەتدا، وناتوانێت ئەو کردەوەیە بکات). ولە گێڕانەوەکەی (البخاري)دا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من صور صورة فإن الله مُعَذِّبه حتى ينفخ فيها الروح) واتە: (هەرکەسێک وێنەیەک بکێشێت، خودا سزای دەدات هەتاوەکو ڕۆح دەکات بە بەریدا)، هەروەکو لە فەرموودەکەی تردا هاتووە ناتوانێت ئەو کردەوەیە بکات بۆیە سزاکەی بەردەوام دەبێت بە پێی ویستی خوای گەورە. ئیمام نەوەوەی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: زانایان دەڵێن: (وێنەکێشانی بوونەوەرەکان بە توندی حەرامە، ولە تاوانە گەورەکانە؛ چونکە ئەم هەڕەشە توندەی لەسەرە کە لەم فەرموودەیەدا باسکراوە، ئەگەر وێنەکە دروستی بکات بۆ ئەوەی ڕێزلێگیراو بێت یان ڕێزلێگراو نەبێت، وێنەکێشان حەرامە لە هەموو حاڵەتێکدا چونکە ئەو وێنانەی دروستی دەکەین دەیچوێنن بەو وێنانەی کە خوای گەورە -سبحانە وتعالى- دروست وخەڵقی دەکات). *(وێنە فۆتۆگرافی: زانایانی سەردەم بۆ چەند بەرژەوەندیەک وحاڵەتێکی گرنگی دیاریکراو ڕێگەیان بە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی وڤیدیۆ داوە، (ئەگەر نا هەروا بۆ ڕابواردن وکات بەسەربردن ڕێگە پێدراو نییە چونکە دەرگای خراپەی زۆر دەکاتەوە